## وەرزی 2018

لە ساڵی ٢٠١٨ دوو چالاکی هەڵکۆڵین لە چوارچێوەی نوێنەرایەتی شاندی شوێنەواری فەرەنسی لە پێرەماگرۆن ئەنجامدرا. یەکەمیان ئەرکی لێکۆڵینەوە بوو لە تابلێتە میخییەکان کە لە ٢٣ی ئایار تا ٨ی حوزەیران لە بەڕێوەبەرایەتی شوێنەواری سلێمانی ئەنجامدرا، دووەمیان هەڵمەتی هەڵکۆڵینە کە لە ١٨ی ئەیلول تا ٢٥ی تشرینی یەکەم لە شوێنی کونەرا ئەنجامدرا.

### شاندی خوێندنەوەی تابلێتەکان (A. Tenu, Ph. Clancier & J. Monerie)

شاندی خوێندنەوەکەی تابلێتەکان بە شێوەیەکی سەرەکی تەرخانکرابوون بۆ پاککردنەوە و خویندنەوە لە ٧٠ تابلێتی مێخی و پارچە تابلێتی مێخی کە لە ساڵی ٢٠١٧ لە ناوچەی C دۆزرایەوە. شێوەکانی تابلێتەکان زیاتر جۆراوجۆرن بەبەراورد لەگەڵ ئێستادا کە شێوەی زۆر بچووکە، تابێتێکی گەورە هەڵگری دوو ستوونی نووسینە و تابلێتەکانی تر لە شێوەی نیسک بوونە. شەش شێوەزاری ناوی نوێ کە هەموویان پارچە پارچەن و هەروەها سێ ناوی کەسی دەستنیشان کراون کە لانیکەم یەکێکیان ئەکەدییە. ئێستا پلەبەندی سیاسی کونارا بە ڕوونیتر دەردەکەوێت کە ئاماژە بە دوو ENSI (پاشا یان پارێزگار) دەکات، SUKKAL (وەزیرێکی باڵا) و لەوانەیە پۆستێکی جێگری (بریکار) هەبێت.

### کاری هەڵکۆڵین

هەڵکۆڵینی سێ ناوچە B، C و E لە ساڵی 2018 ئەنجامدرا.

### ناوچەی B (Aline Tenu)

دوو کەرت لە ناوچەی B کرانەوە. لە ناو یەکەمدا، لە باشووری ڕۆژهەڵاتی بینای سەرەکیەکەدا (B. 712)، حەوشێکی فراوانەمان دۆزیەوە کە هەموو ئەو ژوورانەی کە پێشتر دۆزرابوونەوە بەسەریدا دەکرێنەوە. درێژییەکەی دەگاتە ٢٧ م وە لەوێدا چەندین پارچە گڵێنەی و پاشماوەی ئێسکی ئاژەڵی تێدا دۆزرایەوە (بڕوانە خوارەوە). هەروەها بۆ یەکەم جار چینێکی ئەرزی لەناوچوونی بە هۆی ئاگرەوە دۆزرایەوە. گەڕان بەدوای بینایەکی دیکەدا، لە باشووری ڕۆژهەڵات، (B. ٧١٤) بەرەو ڕۆژهەڵات درێژبۆتەوە. درێژییەکەی بەلانیکەم ١٥ م دەبێت و کەناڵێکی بەرد بەسەریدا تێپەڕیوە.

## پرۆژەی E (Florine Marchand)

هەڵکۆڵینی لە بینای دۆزراوەی (B. 659) ئەمساڵ دەستیپێکرد، ڕێگەی پێداین کە 3 ژووری بە رووبەری هەریەکەیان بەنزیکەی 10 م$^2$ دەرخست. پێکهاتەی سەری دیوارەکان کە لە بەردی گەورە درووست کراون بە باشی پارێزراون، ئەمەش شایەدی تەکنیکە جۆراوجۆرەکانی ناو خودی بیناکە نیشان دەدات. لە یەکێک لە ژوورەکاندا تابلێتی مێخی و کۆمەڵێک گڵێنە دۆزرایەوە. سنووری باکوور و ڕۆژئاوای ئەو بینایەی کە بە ئاگری سووتێنراوە، هێشتا نەزانراوە، بەڵام ڕووبەری باشووری کە بەردەوام کاری هەڵکۆڵینی تیدا دەکریت، زیاتر لە ١٠ م ناسێنراوە.

## ناوچەی C (Barbara Chiti)

لە سەرووی هەموو شتێکەوە بەشی ڕۆژئاوای ناوچەکە بوو کە لە ساڵی ٢٠١٨دا لێکۆڵینەوەی لەسەر کرا. هەڵکۆڵینەکان وایکرد بە تایبەتی بتوانرێت ئەو بەشانەی کە دێن و دەوروبەری نزیک بینای B. 517 کە لە ساڵی ٢٠١٥دا دەستنیشانکرابوو دەربخرێت. بەم شێوەیە بەشی باکوور بە درێژایی درێژیەکەی ناسرایەوە و لە باشوورەوە دوو ژوور و جۆرێک لە حەوزی قیرتاوکراو بە تەواوی هەڵکۆڵراوە. سەدان پارچەی گڵنە لەوێ دۆزراونەتەوە کە هەندێکیان نەخشی ئاژەڵیان لەسەرە. چەندین شێوەی نائاسایی لەوێ بەڵگەدار کراون. تۆڕێکی ورد و درشتی ئاوەڕۆ لە بەرد بینراوە. هەموویان بە چینێکی ئەستووری ئاگر رووپۆشکراون.

## لێکۆڵینەوە لە شوێنەواری ئێسکوپروسک (Michaël Seigle)

نزیکەی نیوەی ئەو ئێسکانەی لە ساڵی ٢٠١٢ەوە لە کونەرا کۆکراونەتەوە لێکۆڵینەوەیان لەسەر کراوە. بۆ٣١ جۆری جیاواز دەگەڕێنەوە، زۆربەیان ئاژەڵی ماڵین (بە شێوەیەکی سەرەکی ئێسکی مانگا و بەراز و بزن، بەڵام ئەسپ و گوێدرێژ و مریشکیش دۆزراونەتەوە) و کە ڕەنگە لە خودی کونارا بەخێو نەکرابن. بۆ تەواوکەردنی خۆراک ڕاوکردنش رۆلی هەبووە، بەڵام بە دڵنیاییەوە ئەمە چالاکیەکی بەناوبانگیش بوو چونکە شێر، ورچ، پڵینگ دۆزرایەوە. جگە لە زانیاری لەسەر ئابووری بژێوی کونارا، پاشماوەی گیانلەبەران کەم تا زۆر "ئاسۆ"ی دووری نیشان دەدەن لەگەڵ جۆرەکانی تر لە شاخەکان دەژین (ورچ، پڵینگ) یان لە خوارەوە زەوی دەوروبەری (شێر و ئاسک) دەژین.

### ئامراز و کەرەستەی بەردینی (Florine Marchand)

لە میانی هەڵمەتی هەڵکۆڵینی ساڵی ٢٠١٨ لە ناوچەکانی B، C و E ٤٠ پارچەی تەلەزمە بەرد و ٥ پارچەی ئۆبسیدیەن کۆکرانەوە. چەندین ئامرازی دیار دۆزرایەوە. لە ناوچەی B، ئێمە 3 ڕشێنەری لایەنی، تیغێکی ددانداری، پارچەیەکی سەری تیر و 3 ئامرازی ڕاستکردن یا داتاشینمان دەستنیشان کرد. لە سەر ناوچەی کارکردن C، تەلەزمە بەردێکی ددانداری دەستنیشانکرا. لە ناوچەی E، پارچەیەک لە ئامرازی لێکردنەوە دۆزرایەوە. کۆنتێکستی ناوچەی B کە پەیوەندی بە کاری دەستیەوە هەیە (ئامرازەکانی بەردین دۆزرایەوە، وەک لە ساڵی 2017، لە نزیک ئەو شتانەی کە ڕەنگە پەیوەندییان بە کانزاسازییەوە هەبێت) دەتوانرێت هۆکارێک بێت بۆ ئەوەی زۆرێک لە شوێنەوارە بەردینیەکان لەوێ لە ساڵی 2017 و 2018دا دۆزرابنەوە.

### یەکەی گوری ( GUR) سوبارتو (Philippe Clancier)

تەنها یەکێک لەو تابلێتانەی کە لە ساڵی ٢٠١٨ لە ناوچەی E دۆزرایەوە، لە وێنەکەیەوە دەتوانرێت شی بکرێتەوە. بەڵگەنامەیەکی کارگێڕییە، کە بڕێکی زۆر لە بەرهەمێکی تۆمار کردووە، ڕەنگە دانەوێڵە، بە یەکەیەکی پێوانە ناسراوە کە پێشتر نەبینراوە،وە پێی دەڵێن GUR ی سوبارتو. زاراوەی سوبارتو بە مانایەکی زۆر فراوان باکووری میزۆپۆتامیا سەدەی بیست و دووەمەوە دەگریتەوە، GUR ی ستاندار GURی ئەکەدیە، هاوتایە لەگەڵ نزیکەی ٣٠٠ لیتر. کونارا لە ناوچەیەکدایە کە فەرمانڕەواکانی باشووری میزۆپۆتامیا هەوڵیان داوە داگیری بکەن و بۆیە بەکارهێنانی ئەم GUR ی باکوور کاریگەری سیاسی و کولتووری زۆر گرنگی هەبووە.

### گڵێنە دۆزراوەکان (Cécile Verdellet)

دەستپێکردنەوەی لێکۆڵینەوەی جۆری-کرۆنۆلۆژیی بۆ کۆمەڵێک گڵێنە لە ناوچەی A وایکرد کە بتوانرێت سەردەمی چینەکانی نیشتەجێبوونی تێدا دیاری بکرێت کە هاوتاکانیان لە چینەکانی نیشتەجێبوون شاری سەرەوە و شاری خوارووودا دیاری بکریت.

چینی دووەمی ناوچەی A، مێژووەکەی دەگەڕێتەوە بۆ کۆتایی هەزارەی سێیەمی پێش زایین. (نزیکەی ٢٢٠٠-٢١٠٠ پێش زایین) هاوچەرخە لەگەڵ چینی ٢ی ناوچەی B، وە چینی 3ەیەمی ناوچەی C و چینی یەکەمی ناوچەی E. دۆزراوەکانی چینی 3یەمی ناوچەی

A، کەمێک کۆنتر دەردەکەون (نزیکەی ٢٥٠٠-٢٢٠٠ پێش زایین)، هیچ هاوتایەکی تا ئێستا لە شاری خواروودا نییە.

لە هەمان کاتدا لەگەڵ ئەم لێکۆڵینەوەیەدا، پاشماوە دۆزراوەکانی ئەو هەڵکۆڵینانەی کە تا ئێستا ئەنجامدراون، پیشەی هەر شوێنێکی هەڵکۆڵراوی ڕوون کردووەتەوە. لێکۆڵینەوە لە کۆمەڵە گڵێنە دۆزراوەکان کە لە بینای ٥١٧ ی ناوچەی C بەجێمابوون، بوونی ژمارەیەکی زۆر لە شێوەی تایبەتی ئاشکرا کردووە کە پێدەچێت پیشەکانیان، کە هەمیشە باس دەکرێن، پەیوەست بێت بە ئەنجامدرانی ڕێورەسمی پەرستش. ئەم کۆمەڵەیە لەنێو شتەکانی تردا دەفری دەستکدار لە ناوەوە بۆکراوە دۆزرایەوە، مەنجەڵی بچووکی خڕ کە بە دەستک و لوولە ڕازاوەتەوە، لوولەکە لە شێوەی سەری بەرخ (مەری کێوی) درووست کراوە یان تەنانەت دەفرێک کە بە نەخش مار و دووپشک ڕازانراوەتەوە. ئەو گۆزە گەورانەی بنی کونکراویان هەیە کە لە بینای ٦٥٩ی ناوچەی Eدا دۆزراونەتەوە، شایەدی ئەنجامدارنی چالاکییەکی تایبەت دەدەن، لەم بەشەدا کە دەتوانرێت ببەسترێتەوە بە هەڵسەنگاندنی بڕی ووبارە دابەشکردنەوە. لە کۆتاییدا، کۆمەڵە دۆزراوەکە پەیوەندیان بەیەکەو هەیە بەڵام پارچەکان لە حەوشە گەورەکەی بینای ٧١٢ (ناوچەی B)دا دۆزرایەوە، پشتگیری لە گریمانەی بینایەکی تایبەت بە پێشوازیکردن دەکات.